# حیزبی کۆمۆنیستی عێران*

حەمەسەعید حەسەن

لە کن من موجاهیدینی خەڵق ڕێکخراوێک نییە سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بێت، بەڵکوو بەشێک بووە لە لەشکری عێراق. دیارە بەشێکی ئاسایی نا، بەڵکوو بەشێکی تایبەتی وەک گاردی کۆماری، هەر بۆیەش ڕژێمی بەعس گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدا. کە لە بەهاری ۱۹۹۱ دا خەڵکی عێراق ڕا بوون، موجاهیدین بە کردەوە سەلماندیان شیاوی ئەو بایەخە بوون کە بەعس پێی دەدان، ئاخر ئەوان لە گاردی کۆماری شێلگیرانەتر، پەلاماری خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراقیان، بە کورد و عەرەبەوە، دەدا و ڕۆڵێکی گرنگیان لە تێکشکاندنی ڕاپەڕینی گەلانی عێراقدا وازی کرد.

موجاهیدین کۆمەڵێ تفەنگی بە گران بەکرێگیراو بوون و بەو پەڕی لێهاتووییەوە ڕۆڵی خۆیان وەک بکوژی پرۆفیشیۆناڵ دەبینی. موجاهیدین لایەنێکی تیرۆریستە، لەبەر ئەوە نا، ئەمریکا لە لیستی تیرۆریستاندا نێوزەدی کردووە، لەبەر ئەوەی ڕەوتاری تیرۆریستانەیە، ئەوە نەبوو دە ساڵێک زێتر لەمەو بەر، لە ستۆکهۆڵم ئاگریان لە ماڵ و منداڵی سەفیری ئێران بەردا؟

من بەش بە حاڵی خۆم، دژی ڕژێمی ئێرانم و بە داگیرکەری بەشێکی گرنگی کوردستانی دەزانم و خەو بە هەرەسییەوە دەبینم، وەلێ ئەگەر هیچ چاری دیکەم نەبێت، لە نێوان موجاهیدین و ڕژێمی ئێراندا، دووەمیان هەڵدەبژێرم. ڕاستە ڕێکخراوی موجاهیدین نەیاری ڕژێمی ئێرانە، بەڵام مەرج نییە نەیاری دوژمنمان، هەمیشە دۆستمان بێت. بەعسیش دوژمنی ڕژێمی ئێران بوو، بەڵام ئایا دۆستی چەوساوەکانی ئێران بوو؟ سەرسەختترین دوژمنی گەلەکەم، بەعس بوو؛ موجاهیدین دڵسۆزترین دۆستی بەعس بوو. ئەوە موجاهیدین بوون، ڕاپەڕیوانی کەرکووکیان سەرکوت کرد. گەلی کورد ناوی خۆی لە یاد بچێتەوە، ئەو هەڵوێستەی موجاهیدینی لە بیر ناچێتەوە.

۲۰۰۳/٤/١٦ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە دژی ئەوەی موجاهیدین بەر پەلاماری ئەمریکا، ئێران و هێزە کوردستانییەکان، کەوتوون، بە توندی ناڕەزایی دەردەبڕێت. ۲۰۰۳/٤/١٧ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش وەک ڕاهاتووە، شوێن پێی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکەوێت و بەیاننامەیەک بە هەمان ناوەرۆک بڵاو دەکاتەوە. دەرگای دوا کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە ڕووی ئەوی خواستبای ئامادەی کۆنگرەکە ببێت، کراوە بوو. لەو بوارەشدا حککع هەر لاسایی حیزبی (دایک)ی کردەوە! بەوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کۆپیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە و یەکەمیان هەرچی بکات، دووەم لاسایی دەکاتەوە، باشتر نییە هەردوو لایان ببنە حیزبێک و ناوی خۆیان بنێن: حیزبی کۆمۆنیستی **عێران**! شیاوی گوتنە جاران بە سوریا و لوبنان، یەک حیزبی کۆمۆنیستیان هەبوو.

پێ دەچێت شیوەنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، تەنیا بۆ چارەنووسی نادیاری موجاهیدین نەبێت، پێم وایە ئەو کۆمۆنیستانە! زێتر نیگەرانی لەنێوچوونی بەعس بن، ئاخر ساڵانێک بەعس مەسرەفی خەباتی دەکێشان! بریا حککع خۆی لە زەلکاوی داکۆکی لە موجاهیدین کردن، بە دوور گرتبا. من چونکە شانازی بە کۆمۆنیزمەوە دەکەم، تکا لەو جووتە حیزبە دەکەم، با ئیدی هەڵوێستی وا نەنوێنن، کە گوێگر بە بیستنی وشەی کۆمۆنیست، هێڵنج بدات.

2003. 04. 21

* عێران: کورتەی (عێراق و ئێران)ە.